## بۆ خەڵکی خۆڕاگر و دڵسۆزی کوردستان

لە ساڵیادی سیهەمینی بەکۆمەڵکوژیی وەحشیانەی شارەکانی کوردستان سەری ڕێز و نەوازش بۆ هەموو قوربانیان و کەسوکاری ئەوان دادەنەوێنین. خۆڕاگری دانیشتووانی پاڵەوانی شاری سنە لە ٢٤ ڕۆژدا، مهاباد لە مانگێکدا و سەقز لە ٢٣ ڕۆژدا و هەروەها شار و شارۆچکەکانی دیکە نموونەی جێ ڕێز و شانازین لە مێژووی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورددا.

ئەوی پاش ئەو ئەزموونە فرە تاڵە بۆ ئێمە گرینگە ئەوەیە کە دانیشتووانی کوردستان جا لە سەقز بن یان لە مهاباد یان لە سنە یا هەر شارێکی دیکەی کوردستان، نیشانیاندا کە خەڵکی دڵسۆز و خۆراگری ئەو نیشتیمانەن، کە تینووی ئازادیی و سەربەخۆیین و کە ئامادەن بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی و مرۆڤیانەی خۆیان بجەنگن. هەروەها کە هاوسەنگەر و هاوخەبات و هاوخەم و هاوخۆشیی و هاوچەرگی یەکترن.

ئێمە هەروەها ئەوە وەبیر دێنینەوە کە ئەوە بەشێکە لە کاری دەستەڵاتی داگیرکەر و دەبێت لە چوارچێوەی سیاسەتی داگیرکەرییدا ببینرێت. وەڵامی دروست بەو سیاسەتە بەرز ڕاگرتنی ئالای سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردستانە، دەوڵەتێکی سەربەخۆ و دیموکرات کە مرۆڤ بە سەربەرزیی و شانازیی تیایدا بژی. خەباتی ئێمە لەو چوارچێوەیەدایە و لەسەر ئەو ڕێبازە درێژەی دەبێت.

دووبارەی دەستخۆشیی لە هەڵسووڕاوانی ئەم مەراسیمانە لە هەر کوێیەک کە هەن دەکەین و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین و ماندوونەبوونیان لێ دەکەین.

**کۆمەڵە – پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان**

٢٠١٠/٤/٢١